**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES – Gothenburg**

# بانگەوازیٚ بۆ پەنابەرانی کورد لە سوید

## بەرامبەر بە مەرگی میوان عومەر بیٚ دەنگ مەبن!

### پەنابەران ئازادی خوازان !

هەروەك ئاگادارن رۆژی 24–6–2007 (میوان مەلەوان عومەر گوڵی )پەنابەری کوردی عیراقی تەمەن 28 ساڵ لە شاری یوتۆبۆری بەخۆڵواسین کۆتای بەژیانی هۆی هێنا وئەم کارەستە جەرگ برە لەساحەی نێوان ئۆلیڤی و ڤاڵهالەبادت روویداوە دوای ئەوەی کە چەند رۆژ بیٚ هەواڵ دەبیٚ ، مەرگی میوان عومەر تاونێکە و بەرپرسیاریتی لە ئەستۆی حکومەتی سویدی یە.

هەروەك دەزانن چەند مانگ بەر لە ئێستا دادگای کۆچی پەنابەران بریارێکیان هێنانە ئاراوە کە ئامادەنیین چیتر ئیقامەی یەکسالی بۆ پەنابەرانی کورد تازە بکەنەوە و پەنابەرانی کوردی عیراقی رەوانەی کوردستان دەکەنەوە وە بۆ ئەم بریارەش فشاریان بۆ سەر پەنابەران دەستپێکرد و ترس لەدیپۆرتکردنەوە کرایە تارمایەکی کوشندە بەسەر سەری تەواوی پەنابەرانەوە و پەنابەرانیان لەباریکی رووحی و دەروونی خراپدا راگرت .

لەماوەی پێشودا بۆ راوەستانەوە بەرامبەر بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە دەنگی نارزایەتیمان دەربری خۆپیشاندانو و کۆبوونەوەمان بەرێخست بەشیوازی جۆراجۆر دەستمان برد بۆ خەباتێکی شارستانیانە تا بتوانیین فشار بۆ حکومەتی سویدی بهیینین دەستهەڵگری لەم بریارە کە پیچەوانەیە بەهەموو پرەنسیپێکی نیو دەولەتی و مافەکانی پەنابەران، لەسوید تا بەریتانیا نامەمان ئاراستەی سەروك وەزیران و پەرلەمانتارەکان کرد ،روومان کرد رێکخراو ئینسانی و پەنابەرێکان بەهەدەڤ بەشکستکیشانی ئەم سیاستە ،بە چەند زمان حکومەتی سویدیمان لە ئاکامە زیان بارەکانی ئەم سیاسەتە ئاگادار کردەوە کە ئەوەتا بەداخەوە بەرهەمی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە کارەساتێکی وەك میوان عومەری لیٚ کەوەتەوە.

ئێمە لەم تاوانە حکومەتی سویدی بە بەرپرسی دەزانیین کە پاڵ بە پەنابەران بنیت باری دەروونی نەفسی پەنابەران خراپ بکات وە هیچ ئیجرائاتێکی پێویست و خیرا نەگریتە بەر بۆ رزگارکردنی میوان پێش ئەوەی ئەم کارەساتە رووبدات ، بۆیە پێویستە بەهەموو توانامانەوە بەرامبەر بەم سیاسەتە جیاکاری یە رابوەستین و لەدەوری یەکتر کۆببینەوەو هەنگاوەکانمان سەرتاسەری بکەینەوە تا ریگا بگرین لە دووبارە بوونەوەی تراجیدیای لەم چەشنە کارەکانمان خیراتر بکەین ، داوابکەین لە خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی سویدی و ئەحزاب و یەکتی کریکارەکان بهینیە وەلام بەرامبەر بەم تاوانە کە خەریکن لیستی دەولەتی سوید دەخەنە نیو لیستی ئەو حکومەتانەی کە سیاسەتی دژی ئینسانی و تاوان وتوندو تیژی بەرامبەر بە پەنابەران بەکاردەبەن.

ئێمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەشاری یوتۆبۆری بە تەواوی تواناوە لەپال ماف و داخوازیە ئینسان یەکانی ئێوە رادەوستین ،بانگەوازتان دەکەین لەدەوری ئێمە کۆبنەوە ریگای نارەزایەتی فەردی وخۆکوشتن ریگا چارەی ئێمە نی یە ،بەداخەوە کە میوان عومەرمان لەدەستدا ،بەهیوای هەموان بتوانیین یەگرتووی و هاوپشتی و هاوخەباتی بکەینە پیشرەویەکانی ئایندەمان ،جاوەروانیتان لیٚ دەکەین لە هەر ئینسانێکی خاوەن هەڵویست بەهەموو ئەو پەنابەرانەی کیشەی پەنابەریشیان نی یە لە پاڵ ئێمەدا نارەزایەتێکانتان یەك بخەن تا بتوانیین حکومەتی سویدی ناچار بکەین سیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران هەڵوەشینیتەوە و ماڤی پەنابەرانی بۆ سەرجەم پەنابەران بەرەسمیت بناسن.

داواتان لیٚ دەکەین رۆژی دووشەمە2-7 لەگەل کەسو کاری میوان عومەر لەناوەندی شاری یۆتۆبۆری بەردەم رۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستن کاتژمیر 430 ئێوارە ئامادەبن بۆ دەربرینی ریزی یەکگرتووی نارەزایەتیمان پاشان لەوێ وە بەرێپیوان دەچینە شۆینی رووداوەکە .

### بەلیٚ بۆ ئازادی نیشتەجیٚ بوون

### هاوریٚ فاتح

بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەیۆتۆبۆری

2007–6–30

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەژمارەی(0704454159)

www.csdiraq.com